**زانكۆی سەلاحەدین -هەولێرە**

Salahaddin University _ Erbil

# ساغ بوونەوەی بونی خودا لای دیكارت

(پڕۆژەی دەرچوونە)

پێشکەش بە بەشی (فەلسەفە)ی کۆلێژی ئاداب کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە فەلسەفەدا

ئامادەکردنی قوتابی:

**رەیان سەردار ئەحمەد**

بەسەرپەرشتی:

**م. مهتاب مصطفى عمر**

زاینی: ٢٠٢٣

# هەندێک لە وتەکانی دیکارت

1. لەناو هەموو خەڵکی دا تەنیا ئەقڵ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش کراوە، چونکە هەمووان وا دەزانن بەشی خۆیان ئاقڵن.!
2. ئەوە بەس نیە ئەقڵێکی باشت هەبێ، خاڵی سەرەکی ئەوەیە بە باشی بەکاریبهێنیت...!
3. دیکارت ئەڵێت:- خوێندنەوەی کتێبێکی چاک و بە سوود، لە ڕاستیدا وتووێژکردنە لەگەڵ مرۆڤێکی پاک و درووستدا.
4. ئەوەی هەست بە پەشیمانی دەکا لە ڕاستیدا دانی بە تاوان ناوە.
5. ئەگەر بەدوای راسیدا وێڵیت، پێویستە بۆ جارێک لەژیانت، گومان لەهەموو شتەکان بکەیت.
6. گومان مەکە لەوەی کە تۆ گومانی بۆ ئەبەی، ئەوە جێی گومان نیە، ئەوە جێی گومانە کە تۆ گومانی پێ ئەبەیت.
7. دیکارت ئەڵێت: هەر گەلێک خۆی بە "مەڕ" زانی حەقە سەرکردەکەی "گورگ" بێت.
8. کاتی بە کەسێک ئەڵێی جوانی، وا هەست دەکات عاقڵیشە..!
9. مرۆڤ هەرچەندە تێگەیشتوو تر بێت کەمتر لەخۆبایی دەبێت.
10. دیکارت دەڵێ:- من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم من هەم بۆیە بیردەکەومەوە.

# پێشکەشە....

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە

1. بە دایک و باوکیماندوو نەناسم
2. بە مامۆستای سەرپەرشتیارم ( م.مهتاب)
3. بەگشت مامۆستایانی بەشی فەلسەفە
4. بەگشت قوتابیانی کۆلێژی ئاداب بەتایبەت قوتابیانی بەشی فەلسەفە
5. بە هەر خوێنەرێک و فێرخوازێک کە ئارەزووی خوێندنەوەی فەلسەفە دەکات

# سوپاس و پێزانین....

1. سوپاس وستایش بۆپەروەردگارم کە لە هەموو هەنگاوێکم یارمەتیدەرم بوو هەموو شتێکیش هەر فەزلی ئەوە.
2. سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم و خانەوادەکەم کەهەموو کات یارمەتیدەرم بوونە و پشت وپەنا بوونە بۆم.
3. سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیارم (م. مهتاب ).
4. سوپاس وپێزانین بۆهاورێ ئازیزم ( ڕەیان ) کەیارمەتیدەرم بوولە تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
5. سوپاس و پێزانین بۆ هەموو هاورێیەکانم کە بە یەک وشەش یارمەتیان داوم.

## ناوەڕۆک


| ژمارە | بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1. | وتەیەک | 1 |
| 2. | پێشکەشە | 2 |
| 3. | سوپاس و پێزانین | 3 |
| 4. | ناوەڕۆک | 4 |
| 5. | پوختەی توێژینەوە | 5 |
| 6. | پێشەکی | 6 |
| 7. | **بەشی یەکەم/ تەوەری یەکەم/ ڕەهەندە سەرەکیەکانی توێژینەوە** | |
| 8. | 1. میتۆدی توێژینەوە | 7 |
| 9. | 2. ئامانجی توێژینەوە | 7 |
| 10. | 3. گرنگی توێژینەوە | 7 |
| 11. | 4. گرفتی توێژینەوە | 7 |
| 12. | **تەوەری دووەم/ ناساندن و دیاری کردنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە** | 8 |
| 13. | 1. گومان | 8 |
| 14. | 2. ڕاستەقینە(حەقیقەت) | 8 |
| 15. | 3. زانینی ژیرەکی | 9 |
| 16. | **بەشی دووە/** | |
| 17. | **تەوەری یەکەم/** ژیانی دیکارت | 11 |
| 18. | **تەوەری دووەم/** پوختەی فەلسەفەی دیکارت | 12 |
| 19. | **بەشی سێیەم/** | |
| 20. | **تەوەری یەکەم/** گومان وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بەزانین | 13 |
| 21. | **تەوەری دووەم/** ژیر وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە زانین | 15 |
| 22. | **بەشی چوارەم/** | |
| 23. | **تەوەری یەکەم/** کۆجیتۆ | 17 |
| 24. | **تەوەری دووەم/** ساغ بوونەوەی بوونی خودا | 18 |
| 25. | دەرئەنجام | 20 |
| 26. | لیستی سەرچاوەکان | 21 |

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( ساغ بونەوەی بونی خودا لای دیکارت ) لەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە بۆئەوەی شیکاری دەقەکانی پیبکەین . ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیک و چوار بەش پێکهاتووە . بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە تەوەرەی یەکەم باس لەچوارچێوەی تویژینەوە ئامانج و گرنگی و میتۆد و هۆکار و گرفتی تویژێنەوە پێک هاتووە تەوەرەی دووەم پێناسەی چەمک و زاراوەکانی لەم توێژینەوەیە باس کراوە . بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە و تەوەرەی یەکەم ژیانی دیکارت . تەوەرەی دووەم پوختەی فەلسەفەی دیکارت . بەشی سێیەم لە دوو تەوەرە پێک دێتن . تەوەرەی یەکەم گومان وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە زانین . تەوەرەی دووەمیش ژیر وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بەزانین . بەشی چوارەمیش لەدوو تەوەرە پێک دێت . تەوەرەی یەکەم کۆجیتۆ . تەوەرەی دەوەمیش ساغ بونەوەی بوونی خودا .     لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوە و لیستی سەرچاوەکان .

## پێشەکی

دیکارت بەبەدی هێنەری فەلسەفەی نوێ ناسراوە زۆر جار گوێ بیست بوین دوورکەوتنەوە لە گومان دەروونمان ئارام دەکاتەوە ئاسودەیی وەدی دێت،ئەمە تا ئەوکاتەی ئاشنای میتۆد و ئایدیاکانی دیکارت دەبین لەسەر گومان. دواتر پێزانینمان دەبێت لەسەر پێگەی گومانکاری و هەروەها لەڕێی ژیری و بەڵگەوە دەگەینە واقیع و دڵنیایی، ئەمەش بە دورکەوتنەوە لە بیروباوڕی چەقبەستوو و پێشینانەوە دێتە بوون دیکارت بە میتۆدە نوێیەکەی بنەمای گومانی هێنایەکایەوە،کە بەپێچەوانەی بۆچوونی کۆن کە دەلێ؛هیچ شتێک نییە کە پرسیارو گمانی لەسەر نەکرێ و بەدواداچونی بۆ نەکرێت.میتۆدی گومان هەوڵ بۆ گەیشتن بەڕاستیەکان دەدات لە ڕێگەی گومانکردنێکی بێ سنورەوە،دواتر وەڵام دانەوەی ئەو گومانەیە لە ڕێگەی بەدواداچوون و تێفکرین وتێڕامانی قوڵەوە.دیکارت خۆی بیرۆکەکەی بەسەر بوونی خۆیدا جێبەجێ کردووە و پرسیار و گومانی لە بوونی خۆی کرد،هەروەها ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە میتۆدێکی شیکار و میتۆدێکی مێژوویی. وە ئەو ڕێگایانەی دیکارت بەکاری هێناوە لەکوێوە دەستی پێ کردووە هەتا کوێ گەیشتووە چی بەکارهێناوە بخەینە ڕوو.

## بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم/ رەهەندە سەرەکیەکانی توێژینەوە:

### ١- میتۆدی توێژینەوە:

هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بێ توێژینەوە نابێت،کەبێگمان میتۆدی توێژینەوەکە بەرەو ئامانجی راستەقینەی خۆی دەبات،لەم توێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بیروبۆچونەکانی دیکارت پەنا براوەتە بەر میتۆدی شیکاری. کەمیتۆدی شیکاری لە پێناوئەوەیە فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە شیبکەینەوە.

### ٢- ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەیە:

١-بتوانین بە زمانی کوردی تاوتوێی فەلسەفەی دیکارت بکەین بەتایبەتی بابەتی بوونی خودا.

٢-بەو هەنگاوەمان دەمانەوێ کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پر بکەینەوە و بتوانین سود بە خێنەرو قوتابیانی بواری فەلسەفە بگەیەنین.

### ٣- گرنگی توێژینەوە:

بێگومان هەموو توێژینەوەیەکی فەلسەفە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە لە چوارچێوەی مێژووی فەلسەفە دا پێگەیەکی گرنگی هەیە . بۆیە بەگرنگمان زانی و بە پێویستی دەزانین کە ئاور لەفەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە بدەینەوە کە ئەویش بابەتی ساغ بوونەوەی بونی خودایە .هەروەها ئەم بابەتە گرنگە و جێی بایەخە.

### ٤- گرفتی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەک گرفت و ئاستەنگی تایبەت بە خۆێ هەیە.سەرکەوتوی توێژەر کاتێک دەردەکەوێت کە ئەو ئاستەنگانەی لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی رووبەرووی دەبێتەوە بیخاتە روو. سەرەتای گرفتی ئەم توێژینەوە لەوەدابوو کە گرینگێکی ئەوتۆ بە بواری فەلسەفە نەدراوە و پشت گوێ خراوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زانیاری و سەرچاوەمان بەپێی پێویست لەبەر دەست نەبێ ، بەتایبەتی زمانی کوردی وەهەروەها نەبوونی شارەزایی لەزمانی بیانی جگە لەزمانی دایک هەر ئەمەش وایکردووە توێژەر نەتوانێ توێژینەوەیەکی پوخت ئەنجام بدا.

## تەوەرەی دووەم/ ناساندن و دیاری کردنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە:

### گومان

بریتیە لە بابەتێک کە بەهای راست و هەلە بەهامان هێز لە خۆ دەگرێت .گوما بە واتای گەران و پشکنینە بە دوای راستیدا. هەروەها گوزارشت لە هەوێستی مرۆڤ فەکات کاتێک دەگەرێت بەدوای زانین دا دواجار ناگاتە ئەنجامێک لەبەر ئەوە ،دەلێت زانین مەحالە.وەک دەزانین گومان بەیەک شێوە لە مێژوودا دەرنەکەوتووە ،بەلکو فۆرمی جیاوازی هەیە ،هەندێ لە فەیلەسوڤان گومانیان لە توانای هەستەکان هەبووە وەک ئامرازیک بۆ زانین هەندێکیان گمانیان لە رۆلی ئەقل هەبوە، هەندێکیان هەست و ئەقل رەت دەکەنەوە لە پرۆسەی بەدەست هێنانی زانیندا.

### راستەقینە

گومانگەراکان باوەڕیان وایە؛ بەپێی ئەوەی دەشێت ئێمە لە هەندێک کاروباری دیاریکراودا بکەوینە هەڵەوە، ئەوە هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر ئەوەی کە لە هەموو شتێکدا هەڵە نین.

لەوانەیە ژیانمان خەونێک بێت (بەپێی باوەڕی ئەوان). بەڵگەی یەکەمی دیکارت بۆ بەرپەرچدانەوەیان، ئەوەیە کە ئێمە دەزانین شتەکان چۆن دەردەکەون. لەبەر ئەوە ناکرێت لە هەموو شتێکدا هەڵە بین. کەسێک دەتوانێت بە متمانەو دڵنیاییەوە بڵێت: من دەزانم بوونم هەیە، و ئەزموونی کەسیی و تایبەت بە خۆمم هەیە، تەنانەت ئەگەر تەئکید نەبم لەوەی کە ئەم ئەزموونانە حەقیقەت دەنوێنن. بەڵام ئەم (من)ە چییە ؟ لەم حاڵەتەدا لەوانەیە (من) مێشکم بگەیەنێت. لەوانەیە خەون بە بوونی جەستەتەوە ببینیت( لەوانەیە بوونی جەستەت خەونێک بێت)، بەڵام لەم حاڵەتەدا مێشکت هەڵدەستێت بەو خەونە، کەواتە دەتوانیت تەئکید بیت لەوەی کە مێشکت بوونی هەیە.

پاشان دیکارت گفتوگۆ لەوە دەکات ئەگەر بێت و پەروەردگار بوونی هەبێت، ئەوا ناکرێت عەقڵی مرۆڤایەتیی لە هەموو شتێکدا هەڵە بێت. چونکە خودا کەسێک دروست ناکات بە جۆرێک وای لێ بکات بکەوێتە هەڵەوە. باشە، چۆن دەتوانین فەلسەفەی دیکارت بەکاربهێنین بۆ ڕاڤەکردن و تەفسیرکردنی شتێکی دیاریکراو. ئایا ئێمە بوونمان هەیە ؟ بۆ نموونە؛ جەمال خەونێکی ڕوونی بینی، لەوانەیە لە واقعدا هەڵە بێت. لە خەونەکەیدا، جەمال گەیشت بە هاوڕێکەی و هاوڕێکەی پێی وت کە پیشەیەکی نوێی دەست کەوتووە. لە خەونەکەدا جەمال زانیتی کە هاوڕێکەی پیشەیەکی نوێی دەست کەوتووە، بەڵام کاتێک بە ئاگا هاتەوە، دەرکەوت ئەو زانینە سادەیە تەنها وەهمێک

بووە. هیچ پیشەیەکی نویّ بوونی نیە. بەڵام لە ڕووی وردبینییەوە، لە خەونەکەدا هیچ شتێک نەبووە ئاماژە بەوە بکات کە وەهم بووبێت(واتە لە خەونەکەدا نازانیت کە ئەوەی دەیزانیت وەهمە).

جەمال هەموو شەوێک خەونی هاوشێوە و لێکچوو دەبینێت و هەموو ئەم خەونانەش بە نیسبەت خۆیەوە مەعقوولن. لە جیهانی خەوندا ماڵێکی نویّ دەکڕێت، هاوسەرگیری دەکات، دەگات بە چەند کەسێکی جددی. لەگەڵ بەردەوامیی خەونەکاندا، ئینجا لەکاتی بە ئاگاییدا دەست بە پرسیار دەکات: کام لەو دوو جیهانە ژیانی ڕاستەقینەیەتی ؟ هەر یەکەیان بە نیسبەت ئەوی تریانەوە مەعقوول دەردەکەون. دوای بیرکردنەوە، گەیشت بە ڕایەکی جێگیر، بەوەی هەر کام لەو دوو ژیانە ڕاستەقینە بێت، ئەوا خۆی هەر هەمان کەسە کە هەردوو حاڵەتەکەی تاقی کردبێتەوە، و عەقڵی سابتە(دەشێت دوو جیهانی ئەزموونکردبێت و یەکێکیان ڕاستەقینەکە بێت، بەڵام ئەوەی ئەو دووانەی ئەزموونکردووە یەک کەسێکە و هەر خۆیەتی). بۆیە تەنانەت ئەگەر عەقڵی هەردوو ئەزموونەکەی کردبێت و خۆیشی نەتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کامیان ژیانی ڕاستەقینەیە، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەتوانێت بزانێت خۆی بوونی هەیە بە تەئکیدییەوە. تێڕامانەکانی دیکارت چەندین بەدواداچوون و پرسیاری داهێناوە کە تا ئەمڕۆش لە فەلسەفەی نوێدا گفتوگۆ دەکرێت.

## زانینی ژیرەکی

دیکارت فەیلەسوفێکی ڕاشنالیست بوو نەک ئەزموونگەر، وەک هەر فەیلەسوفێکی ڕاشناڵیست هەڵگری هەموو ئەو کێشە و کەموکوڕییانەیە کە بیرکردنەوەی ڕاشناڵیستەکان هەیانبووە؛ لە کێشەی ڕاستیی ڕەها و نەگۆڕ، لۆجیکی دیدەکشن، بڕوا بە ئەندێشەی ناوەکی و هتد.

ئەو وەک هەموو ڕاشناڵیستەکان باوەڕی وابوو کە زانین تەنها لە ئەندێشەوە سەرچاوە دەگریّ، جێگەی نەبوو بۆ ئەزموون و بەڵگە و ئاگایی هەستەکان و دنیای دەرەوەی خۆمان.

لای ڕاشناڵیستەکان جگە لەوەی کە زانین تەنها لە ئەندیشەوەیە، ئەندێشەش تەنها مەسەلەیەکی ناوەکییە؛ بە بڕوای دیکارت، وەک هەموو ئەوانەی کە بڕوایان وایە ئەندێشە ناوەکییە و مێشک و زەینمان مەسەلەیەکی زگماکییە.

لە مەسەلەی زگماکیشدا؛ مێشک و زەین وەک سندووقێک یان مەخزەنێک وان کە هەر لە ناوسکی دایکمانەوە، پێش ئەوەی بزانین چۆن هەستەکانمان بەکار بهێنین و بیر بکەینەوە و ئەزموونی

دنیای دەرەوە بکەین، ئەم مێشک و زەینە زگماکییە وەک مەخزەنێک پڕە لە کۆنسێپتی فکری یا ئەندێشەیی.

ئەم مەخزەنە فکرییە/ئەندێشەییە، سەرچاوەی هەموو جۆرێکی بیرکردنەوەکانمانە و باوەڕ و زانین بیری ماتماتیک و لۆجیک و میتافیزیکیشی تیادایە.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم/ ژیانی دیکارت:

دیکارت لە(٣١/٣/١٥٩٦)لە لاهای دێتە ژیانەوە،دیکارت پێش ئەوەی ببێ بە فەیلەسوف ئەفسەر بوو.نازناوی شمشێربازی جەربەزەیان پێبەخشیووە دیکارت لەسالەکانی خوێندنی قوتابخانەی لە کۆلێژێکی بەناوبانگی شاری لافلیشێ تەواو کرد.دیکارت لەسەر خواستی باوکی زانستی یاسای لەشاری پاریس خوێند.لەسالی(١٦٢٨)بریاریدا بەرەو هۆلندا بچێ. زیاد لە (١٦ )سال لەوێ مایەوە پێدەچێت ئاسودەترین سالەکانی ژیانی بوبێت. لە لە دواهەمین سالانی ژیانی دا دیکارت پلەی پێشکەوتنی خۆی گەیاندە ئاستێکی بەرز توانی لەسەر ئاستی ولاتانی ئەوروپیەکاندا ببێتە کەسێکی بەناو بانگ دواتر لەسالی (١٦٥٠)دالەلای کریستینای شاژنی سوید کۆچی دوایی کرد (ئۆتە بیوهمە،٣٢،٢٠٠٣)

دیکارت شەوێکیان سێ خەوی تۆقێنەر وا دەبینێ هێندەی نامێنێ ئەقلی لەدەست بدات و دێوانە بێت بەلام دوا سات فریای خۆی دەکەوێ و دەست بە دۆزینەوە مەزنەکەی خۆی دەکات زۆرێک لە نوسەران باس لەو شەوە بەناوبانگە دەکەن شەوی (١٠تشرینی دووەمی ١٦١٩)(هاشم سالح،١٣٤،٢٠٠٣)

بەرهەبەرهەمەکانی دیکارت زیاتر لایانێکی فەلسەفیانەی هەیە .بەلام بیرورای زانایەکی ماتماتیکی بەئاشکرا بەسەری زالە و میتۆدێکی نوێی لەشێوازی بیرکردنەوەدا خستەروو کە دەشێ لە هەموو بەشە زانستیەکان سودی لێوەربگرێ.شابەرهەمی دیکارت کتێبێکە بەناوی (گوتارێک لە بارەی میتۆدی بەریوەبردنی عەقل) کە بنجینەی بیروباوڕەکانی وی لەبارەی رەوتی فیکر لە رێی ودەستهێنانی زانست بەجوانی روون دوکاتەوە.(د.مەنوچێهر مرحسنی،٩٩،٢٠٠٥)

دیکارت بەدرێژایی تەمەنی پیشەیەکی چەسپاوی بۆ خۆی دەست نیشان نەکردووە ئەو لە بۆنە جیاوازەکاندا وەک سەربازی،ماتماتیک زان بیرمەند و خانەدان خۆی دەناساند.بێگومان دیکارت داهێنەرترین فەیلەسوفە کە تا پانزە سەدە دوای مەرگی ئەرستۆ پێی نابێتە مەیدانی ژیانەوە. ژیانی دیکارت لەژێر کاریگەری دوو ئارەزوو دابوو :گۆشەگیری و سەفەر .ئەو هەرگیز لەگەل هاورێکانی هەستی بە نزیکی نەدەکرد. هەرگیز هەولی ئەوەی نەدا مالێکی جێگیری و تایبەت بۆ خۆی دروست بکات ،ئەو تاکۆتایی تەمەنی بێ قەرارو تەنیا بوو.(پۆل ستراترن،٣،٢٠٠١)

## تەوەری دووەم/ پوختەی فەلسەفەی دیکارت:

لەراستیدا بەدەرکەوتنی دیکارت لەدنیای بیریدا،فەلسەفە لە گۆشەگیری رزگاری بووەبەوەی توانی فەلسەفەیەکی مۆدێرن و گونجاو بۆ سەردەمێکی نوێ بهێنێتە گۆرێ واتا رەسەنایەتی تاک لێکۆڵینەوەی هۆشیاری مرۆڤ بووبە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەو فەلسەفەی شیکاریش بوویە لقێکی بەهێز لە باسەکانی دیکارتدا .(کۆمەڵێک نوسەر ،٩٥،٢٠١٥)

فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسا ڕێنی دیکارت لەسەدەی حەڤدەهەم بەدەرکەوت. بەدامەزرێنەری فەلسەفەی نوێ دادەنرێت .هەروەک هیگل دەڵێت (دیکارت ئەو فەیلەسوفە بووە بەراستی فەلسەفەی نوێ بە هۆیەوە دەستی پێکردووە،چونکە ئەو فەیلەسوفە هزرو بیری کردووە بە بنەما) گۆرانی گەورەی بەسەر فەلسەفەدا هێناوە فەلسەفەی لەکۆت و پێوەندەکانی سەدەی ناوەراست دامالی کە فەلسەفەیان کردووە بە پاشکۆی ئایین.هزری مرۆڤ بەتەواوتی پشتگوێ خرابووئەوەی تاکە سەرچاوەی زانین و حەقیقەت بوو سروش و وەحی بوو نەک ئەقل .(د.حەمید عەزیز،٧٢،٢٠١١)

رستەیەک لە فەلسەفەی دیکارت هەیە کە بەناوبانگە دەلێ (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)بەکۆجیتۆی دیکارت ناسراوە.بەبڕوای دیکارت دڵنیایی لە گومانەوە دروست دەبێ و گومانێک کە ئەنجامی راست دەدات بەدەستەوە .کاتێک کە دیکارت بەگومان دەست پێ دەکات و گومان دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەو گومان کردنەوە بگات بە دڵنیایی .لەبەر ئەوەی گومان دەکەم کەواتە دەبێت کەسێک هەبێت کە گومان بکات ئەو ئەو کەسەش منم.کەواتە دەبێ من هەبم بۆ ئەوەی گومان دەکەم ئەم گومانکردنەش وادەکات لەشتەکان بکۆلمەوە تاوەکو دەگەم بەدڵنیایی(د.حەمید عەزیز،٢٠٠٩،١١٠)

دیکارت لە فەلسەفەکەیدا میتۆدی بیرکاری بەکارهێناوە(لە بنەمای ئەو سەرکەوتنەی کە لە زانست دا هەبووە لە دواییدا کراوە بەبنەمایەکی گمان هەلنەگرو پتەوی فەلسەفە پەنای بردنە بەر بیرکاری (ماتماتیکی)بووە.سەرکەوتنی ڕێبازی ژیرەکی لە فەلسەفەو کلتورو زانستی ئەوروپادا خۆی لە بەکارهێنانی بیرکاریدا دۆزیوەتەوە کە کراوە بەبنەماو پەیڕەو میتۆدەو بەکارهێنراوە)وە هەر لە فەلسەفەکەی پەنای بۆ گومانی میتۆدی بردووە.لەو بروایەدایە دوو جەوهەر هەن کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەو دوو جەوهەرەش (نەفس و لەشە)(د.حەمید عەزیز ،٢٠١٩،٧٥)

## بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم/ گومان وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە زانین:

گومان یەکەمین دۆخی هەڵوێستەکردنە یاخود وەستانە لەسەر زانینی شتەکان .گومان وگومانکردن لە تایبەتمەندیەکانی سروشتی مرۆڤن کە پەیوەستە بەهۆشیاری مرۆڤەوە ،مرۆڤ لە ئەنجام و لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو هۆشیارییەوە گومان لە گوتەیەک و ڕفتارێک دەکات کە بۆ ئەقڵ شیاوی درککردن نییە (ڕێبوار سیوەیلی،٢٠٠٩،لا٥٥)

بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت دا مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە بۆ تەنها جارێکیش بێت لە ژیانیدا ئەوەندەی لە توانایدا هەیە گومان لە هەموو شتەکان بکات (دیکارت ،٢٠١٥ لا٦٧)

گومانکردن لەسەر بنەمای دوودڵیەوە بەندە.دوودڵی واتا دڵنیا نەبوون لەو شتەی دەوترێت دەکرێت گوێمان لێبێت.ئێمە دەکرێت گومان لەوە بکەین کامە سیستەمی حوکم یان پەروەردە بۆ وڵاتەکەمان باشە .دەتوانین گومان لەوە بکەین زانست ڕاستیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە یان گومان کردن ئایا هاوڕێکانمان لەگەڵمان ڕاستگۆن؟یاخود لەسەر هەندێ مەسەلەی ئەخلاقی ئایا درۆکردن کارێکی ناڕاستە؟ مرۆڤ لەوکاتەی گومان دەکات مەرج نییە گومانکاری بێت چونکە گومانکاری بریتیە لەبەرزکردنەوەی گومان و دوودڵی لە ئاست ویژدان و وردبوبەوە بەرەو هزرین هۆشەکی.بەڵام فەیلەسوف بەجۆرێک گومان دەکات خەڵکی ئاسایی گومانی لێناکات وەک گومانکردن لە هەبونی جیهانی واقیحی(ڕێبوار سیوەیلی،٢٠٠٩،لا٥٥)

گومان لای دیکارت ئامانج نەبوو.بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ گەیشتن بەراستیەکان بەناو بانگترین وتەی دیکارت دەڵێت (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)مرۆڤ لەکاتی هۆشیاریدا گومان دەکات نەک لە بێئاگایی.واتا چالاکیەکی ئەقلیە.لای دیکارت گومان مانای بوونی هۆشیارو مەعریفە دەگەیەنێت.گومان بۆ گەیشتنە بەڕاستی ودڵنیایی.گومان ئەگەر سادەو ساکاریش بێت بەڵام جولەیەکی ئەقڵی و فکرییە ڕاستەوخۆ وات لێ دەکات بیر بکەیتەوە.واتا بەهۆی گومانەوە بیردەکەیتەوە.گومان بووە بە مەرجی بوون.بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم بیر بکەمەوە پێویستە من خۆم هەبم ئیتر من بیردەکەمەوە کەواتە هەم،ئەمە بووە یاساو ڕێسایەک لە فەلسەفەی گومان لای دیکارت.دیکارت هەوڵی دا جیهانی هەستی بە گومان بروخێنیت و بەتێڕوانینێکی نوێوە سەر لەنوێ دروست بکاتەوە (فوئاد سدیق،٢٠١٥،لا٢٠٢)

دیکارت بە گومانی میتۆدی دەست پێدەکات گومان لە هەموو سەرچاوەکانی زانتن دەکات ئەوانیش بە سێ قۆناغ تێپەڕ دەبن:

1. بریتیە لە گومانکردن لە هەستەکان و زانینی هەستی وەک تاکە سەرچاوەی زانین.چونکە هەستەکان لە ڕوانگەی دیکارت هەڵخەڵەتێنەرە،بۆیە لێرەدا دیکارت دەڵێت :دوای دەرکەوتنی ئەوەی هەستەکان وێنادەکرێت لە واقیحدا وەک خۆیان نەبن.
2. گومانکردن لە خەونەکان ، ناتوانین راستیەکان لە خەونەکان جودا بکەینەوە .کەواتە دیکارت هەستەکان وخەونەکان وەک سەرچاوەی زانین جێگای باوڕ نین بۆیە سەرجەم زانیاریەکانی تری دەخاتە بەر شەپۆلی گومان.
3. قۆناغی سێیەم بریتیە لە گومانکردن لە بەڵگەهێنانەوە بەهۆی بوونی گیانێکی خراپەوە شەیتان کە راستیەکان دەگۆڕێ ومرۆڤ توشی هەڵە دەکات(حسن حسین جەباری،٢٠١٩-٢٠٢٠،٣١٧)

## تەوەری دووەم/ ژیر وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە زانین:

ئەقڵ گرنگترین سەرمایەیە بۆ مرۆڤ.ئەقڵی دیکارت دەیویست ڕەخنەوە گومان و پشکنین و هەموو شتێک لەسەرەدوبێژنک بدات بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستیەکان وەک خۆیان نیشان بدرێن بەڵام گرفتەکە ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێت ئەوەیە ئەو ئەقڵە بەشێوەیەکی تەندروستانە بەکار بهێنێت.دیکارت ناچار بوو کتێبێکی (چەند وتارێک لەبارەی میتۆد)ەوە بنوسێ.دیکارت یەکەمین فەیلەسوفە بۆ دانانی فەلسەفەکەی بەشێوەیەکی قوڵ پشتی بە ئەقل بەستووە (فوئاد سدیق،٢٠١٥،ل١٩٧)

بەبڕوای دیکارتئەقڵ ڕێگایڕاستەقینەیە بۆ زانین.دیکارت پەیڕەوی لە ڕەسەنایەتی ئەقڵ دەکرد .ئەویش هەر وەکو زۆربەیفەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی وجود و هۆی و وجودی و خودی خۆی و ئامانجی دروستکردنی مرۆڤی دەخستە ژێر پرسیارەوە. ئەو بڕوای وایە کە ئێمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بێ واستەمان لەگەڵ بیر و فکری خۆماندا هەیە. ئەوەی دەیبینین بە زەینی خۆمان دەسپێرین. ئەگەر حەزمان لە شتێک نەبوو ئەوا ئاوەژووی دەکەینەوە. دیکارد دەڵێ (من شتێک بە ڕاستەقینترین و سەلمێنراوترین هەقیقەت دەزانم کە یا لە هەستەکانم یاخود لە ڕێگەیەوە بەهۆی هەستەکانما پێم گەیشتبێ. ئەو هەستگەلەش کە هەمانن بەم پێیەش دەکرێ بڵێین دوو شت بۆ دیکارد ڕاستی موتلەقن و هیچ شک و گومانێک هەڵناگرن، (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) من بیردەکەمەوە کەواتە خوادا هەیە ).ناتوانین ئەو ڕاستیە بشارینەوە کە هەبوونی خۆی بەهۆی بیری خۆیەوەیەتی دیکارت دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە خوا نەک هەر هەیە بەلکو هەبونی ئەو ئاشکراتر وسەلمێنراوترە لە هەر شتێکی دیکە بۆ ئێمە چەندە بڕوامان بە هەبونی مێزو کورسیەک هەیە کەلەبەردەماندایە دوو ئەوەندە بڕوامان بە هەبوونی خودا هەیە (و.جەلیل عەباسی،٢٠١٠،ل٨٧)

تێگەشتنی دیکارتی ئەو فەرمانە ئەقڵییەیە کە زەین درکی پێ دەکات هەر بۆچونێک بێت لەوێناکردن یان بڕیاردان یان بەڵگەڕێژی بەتێکەیشتنیان و تەواوکردنیان لەیەک کاتدا نەک بەشێوەی یەک لەدوای یەک.دیکارت لەو بڕوایەدا بوو کە بردن بە هیچ کەم ناکاتەوە لەسەر ماناکان وبیروبۆچوونەکان بەڵکو ئەو ڕاستییەی بۆ بەدەست دێنێ کە گومان هەڵنەگرن وەک سروشتە سادەکانمان کە لەبەر ئاسانیان بە زەین درکیان پێ دەکرێ .(د.مستەفا غالب،٢٠١١،ل٧٧)

دەتوانین گومان لە هەموو ئەو زانیارییانە بکەین کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە سەبارەت بەدونیای دەورووبەر بەدەستیان دێنین هەستەکان جێگای متمانە نین سەرچاوەیەکن بۆ بەهەڵەدا بردن نەک زانیاری بەخشین.هەستەکان فریومان دەدەن بۆ نمونە؛کاتێک لەدوورەوە سەیری بینایەک

دەکەین ڕەنگە خڕ بێتە بەر چاو کەچی لێی نزیک دەبینەوە دەبینین چوارگۆشەیە.دیکارت دەڵێ مرۆڤ خاوەن بڕیارە.ئێمە بەهۆی ئەقڵەوە زانیاریمان لەسەر جیهان دەبێت ( vegard martinsen,٢٠٢٢،لا ٩٧)

دیکارت سروشتی پشت گوێ خستوە گومانی لە توانای هەستەکان کردووە.بڕوای بە بون و بەهێزو توانای مرۆڤە لە فەلسەفەی نوێدا ڕێبازو میتۆدەی ئەزمونی-ئیمپری لەبەرامبەر ڕێبازو و میتۆدەی ژیرەکی دادەنرێت(د.حەمید عەزیز،٢٠١١،لا١٠٢)

## بەشی چوارەم

## تەوەری یەکەم/ کۆجیتۆ:

بۆ ئەوەی زانستەکان لەسەر بناغەیەکی پتەو دابمەزرێنین پێویستر سەرجەم شتەکان  بە پێی توانا بۆ جارێک بخەینە ژێر گومان هەر لە منداڵیەوە ئەندازەیەکی زۆر بۆچوونی هەڵەم وەرگرتووە کە بەڕاستم زانیوە هەرچی لەو کاتەوە لەسەر بنەمای لەم شێوە یەکەم متمانە بنیاتم ناوە دەبێت زۆر جێگای گومان بێت.کەواتە ئەگەر بمەوێ شتێکی مەحکم لە زانست دابمەزرێنم پێویستە هەموو شتێک سەر لەنوێ دەست پێبکەم.بۆ ئەم کارەش مەرج نییە پووچی سەرجەم بۆچوونەکانم بسەلمێنم.بەلکو لەهەر هۆیەکاندا هۆیەک بۆ گومان لێکردن بدۆزمەوە. مەرجیش نییە هەر یەکەیان بەجیا شیکردنەوەیان بۆ بکەم،بەلکو لێکدان لە بنەماکان بەسە.(لەسەر ئەم ڕێگایە بۆ پێشەوە بەردەوام دەبم تا شتێکی دڵنیایی دەدۆزمەوە ئەگەر ئەوەم بۆ نەبوو لەسەر حالی خۆم دەمێنمەوە وەلانی کەم تا بەدڵنیایی دەزانم لە جیهاندا هیچ شتێک دڵنیایی نییە (د. ئیمام عبدولفەتاح ئیمام،٢٠١٥،ل٢٨٩)

بەڵام هەرچی تا ئەمرۆ بەدڵنیاترین شتم زانیوە لە هەستەکانەوە فێریان بووم بەڵام بە ئەزموون بۆم دەرکەوت هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن.کەواتە وا باشترە جارێکی تر متمانە بە هەستەکان نەکەمەوە لەوانەیە بووترێت هەستەکان لەو شتانەی کەمهەستیان پێ دەکەین یان زۆر لێمانەوە دوورن بمان خەڵەتێنن ئەوا ئەقڵ قبوڵی ناکات،بەڵام ئەگەر من بیرم لەوە کردەوە من مرۆڤم وە عادەتم وایە دەخەوم لە خەونمدا هەمان ئەو شتانە دەبینم کە لە بێداریدا دەیبینم وەهیچ بەڵگەیەکم نییە بۆ جیاکردنەوەی بێداری لە خەو ئەوا چارم بێچار دەبێت بەچاوی گومان تەماشای هەموو ئەو شتانە بکەم کە لە ڕێگای هەستەکانەوە زانیومە.کێ دەزانێت بەڵکو خودایەکی بە دەسڵات نە جەستەو نە شێوەو نە شوێنی دروست نەکردبێت،لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەیان لە ئێمە درووست کردبێت کێ دەزانێت لەوانەیە ویستبێتی هەر کاتێک دووسێ کۆبکەمەوە بم خاتە هەڵەوە کەواتە من ناچارم دان بەوەدابنێم کە هیچ شتێک نییە لە هەموو ئەوانەی من لەڕابردوو بە ڕاستم داناون نەتووانم گومانی لێبکەم .بەڵام گومان بەس نییە مادەم من بۆچوونەکانم تەنها بە جێگای گومان دادەنێم وە لە هەمان کاتدا شیمانەی لەبەر ئەوە ئەو ڕێگایە دەگرمەبەر کە بیرۆکەکانم نەک تەنیا جێگایی گومانن بەڵکو پووچیشن.لەم باوڕەدام من ئەگەر نەتوانم بگەمە شتێکی ڕاست لانی کەم دەتوانم ئەگەر باوڕ بە شتێکی پووک نەکەم خۆم لە کەوتنە ناو هەڵە بە دوور دەگرم ،بەدوای شتێک لەم جیهانە جێگای یەقین نییە بەڵام من پێشتر نکۆڵیم لەوە دەکرد من شت بم.نەفس یان جەستە ئەوانە ڕاست بن بەڵام ئەمە ئەوە ناخوازێت من هیچ نەبم بەڵکو دەکرێ بەبێ هەست یان جەستە هەبم کاتێک بیرم لە بابەتێک کردەوە شت بووم، بەڵام بەڵام لەوانەیە شەیتانێک دەست لە فریودانم هەڵنەگرێت بەڵام چەند دەیەوێت با فریوم بدات ئەو ئەگەر من فریوو بدات. ئەوا مانای من شتێکم(من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم)(دیکارت،٢٠٢٠،ل٤٨)

## تەوەری دووەم/ ساغ بوونەوەی بونی خودا:

پێش ئەوەی بیر لە بونی خودا بکەمەوە پێویستە خۆم بناسم چونکە من جەوهەرێکی بیرکەرەوەم ئەو شتانەی وادەزانم دەیانزانم پێویستە ورتر سەرنجیان بدەم دەگەمە ئەو بڕوایەی کە ڕوون و ئاشکرایە تێیان دەگەم ڕاستن زۆر شتم لەو پەڕی بەرچاو ڕونی و دڵیایی دانابوو دوای ئەوە بۆم دەرکەوت جێگای گومانن ئەو بۆ چوونانەی کە من هەمە لە هەستەکانمەوە نەمزانیوە یاخود بەخەیاڵ چونکە نە دەتوانم لێیان زیاد بکەم نە دەتوانم لێیان کەم بکەم بەڵکو لە زگماکیەوە لەمن دا هەیە هەمیشە دەبێت لە هۆکاردا ئەنجامێک بکەوێتەوە ناکرێ بگوترێت ئەم بوونە شتێک نییە وا دەردەکەوێ بیروبۆچوونەکانم هەندێکیان زگماکین ئەوانی تر بەدەست هێنراون ئەوانی تر بیروبۆچونی خۆمن وەک ئەسپی باڵدار و شتی تر هەر بە خەیاڵ دروست کراون.چونکە خۆم کۆتایی و سنوردارم. بۆیە دەبێت ئەمە لە جەوهەرێکەوە کە بەڕاستی بێ کۆتابێت کەوتبێتەوە(دیکارت،٢٠٢٠،لا٧٩)

دیکارت بڕوای بە بوونیخودا هەبوەو ئەم بیروباوڕەی نەشاردۆتەوە بەئاشکرا دەریبڕیوە.دیارە فکری بونی خودا لەو ڕامان و ڕوانگەیەوە دروست بووە،کە خودایەک هەیە بێ کەم و کوڕییەو هێزێکی شارەوەو یەکجار زۆر لە تواناى تێدایە کە پڕە لە زانین و زانیاری توانای بەسەر هەموو شتێک دا دەشکێت.هەر خۆشی دروستکەری ئەم گەردوون و سروشتەیە.لەولاشەوە ئێمە کە بیر لە بونی خۆمان دەکەینەوە کە هەڵگری زۆر کەم و کوڕین و زۆر گومان و فێڵکاری وساختەیی لە بیرکردنەوەماندا هەیە.دیکارت وای دەبینی خودا دروستکەری ئەقڵ و ماددەیە،ئەو ئەقڵەی مرۆڤ هەیەتی خودا پێی بەخشیووە. بوونی خودا لە نێو زەینی مندا هەیە .ئەگەر نەتوانم بوونی خودا لە زەینی خۆمدا بکەم بێ ئەوەی بوونی هەبێت، یان نەتوانم زەینی شاخێک بکەم بەبێ دۆڵ،ئەوا زەینکردنی من بۆ شاخ و دۆڵ هەرگیز ناخوازێت کە دەبێت بەڕاستی لە دەرەوە شاخ و دۆڵ هەبێت.بێگومان ئەوە بۆ زەینکردنی من بۆ خواش ڕاستە،چونکە من ناتوانم زەینی خودایەک بکەم کە بوونی نییە.وەڵامی دیکارت ئەوە بووە کە خودا هەمیشە مسۆگەر کاری ڕاستیەکانە و بیری مرۆڤایەتی کۆتایی دێت بەڵام خودا بێ کۆتاییە و هەرگیز کۆتایی نایەت.ئەقڵی مرۆڤ بە گشتی سنوردارە بۆیە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێ بە ڕەهایی باس لە بوونی شتێک بکات کە ڕەهایە و بێ سنورو کاملە،کە ئەویش خودایە(فوئاد سدیق،٢٠١٥،لا ٢٠٥)

دیکارت تەنیا لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و جیاواز دەرک بەوە دەکات کە خودا وجودی هەیە،لە قۆناغی من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرێ و بچێتە پێشەوە ،لەلایەکی ترەوە تەنیا لەبەر ئەوەی دەزانێ خودا وجودی هەیە هەڵخەڵەتێنەر نییە دڵنیایی

پەیدا دەكات كە ئەوەی بەشێوەیەكی ڕوون جیاواز هەستی پێ دەكرێ ڕاستە(براین ماگی،١٩٨٧،لا٢٠٠)

وەک دەردەکەوێ بۆچونەکان هەندێکیان زگماکین ئەوانی تر بەدەست هێنراون و هەندێکیان هی خۆمن دروستم کردوون.من تێدەگەم ئەوەی بە (شت)بە(ڕاست )بە (هۆش و بیر) ناودەبرێوا دەردەکەوێ لە سروشتی خودی خۆمەوە پەیدا بووبن.بەڵام کە دەڵێم من ئێستا خۆر دەبینم هەست بە گەرمی ئاگر دەکەم وەک تا ئێستا بۆی چووم و وام داناوە.لە چەند شتێک هەن لەدەرەوەی من پەیدا بوون یان ئەسپی باڵدار لەم جۆرە لەلایان منەوە بە خەیاڵ دروست کراون.دەکرێ وای دابنێم ئەو بیروبۆچوونانە بە دەست هێنراون یان زگماکین،یان خەیاڵی خۆمە .لەو بۆچوونانە بە باوڕی من لە شتی هەبووی دەرەوەی من کەوتوونەتەوە و پەیدا بوون.ئەم بۆچوونانە بە خواستی منەوە بەند نیین.چونکە بێ ئەوەی من بمەوێ بۆم دێت .چەمکی بێ کۆتایی و پێش کۆتایی دەکەوێ کەواتە خودا پێش بوونی منە ئەگەر خۆم هۆکاری بوونی خۆم بومایە ئەوا گومانم نەدەکرد و حەزو ئارەزووشم نەدەبوو.لە هیچ شتێکیشم کەم نەدەبوو چونکە هەموو تەواوەتییەکم بە خۆم دەبەخشی.کاتێک ڕەب منی دروست کردووە ئەو بۆچونەی لە هزرم ڕواندووە وەک نیشانەی هونەرمەندێک کارەکەی پێ دەنەخشێنێ هیچ پێویستیش ناکات ئەو نیشانەیە لە دروست کراوەکە جیاواز بێ کە دانراوە ڕەب منی دروست کردووە ئەو بڕوای بەمن پێەو دەکات بەبێ بوونی ڕاستەقینەی ڕەب ناکرێ من هەبووبم .هەروەها بڕواو ئیمان فێرمان دەکات سەرنج دانی گەورەیی ڕەب بەرزترین خۆشی گیان ئەو دنیای ترمان دەستگیر دەبێت (د.حەمید عەزیز، ٢٠١٦ ،لا٦١)

## دەرئەنجام:

لە دەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە بۆمان دەردەکەوێت گەورە فەیلەسوفی سەدەی نوێ فەلسەفەکەی بە گومان دەست پێکردووە بە دڵنیایی کۆتایی پێهێناوە ئەمەش کاریگەری لە سەردەمی خۆی هەبووە چونکە دیکارت دەڵێ دەبێ بۆ پشت ڕاست بوونەوەی خۆمان و خودا و شتەکان پێویستە گومان بکەین ئەوەی لە کلتورەوە بۆمان ڕوون بویەوە ئەم فەیلەسوفە بە دامەزرێنەری فەلسەفەی نوێ دادەنرێ بەم شێوازە نوێیەی کە هێنایە نێو فەلسەفەکەی بە گومان ناسراوە دەبێت ئێمە گومان بخەینە سەر شتەکان ئەوکات دەگەینە حەقیقەتی تەواوەتی وە بۆمان دەردەکەوێت کە گومانکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە ڕێگایەوە دەگەینە ئەنجامێکی تەواوەتی ئەو گومانەی دیکارت بەکاری هێناوە لە جۆری گومانی میتۆدی بووە واتە لەڕێگای ئەو گومانە دەگەینە حەقیقەتێکی تەواوەتی هیچ شێک نییە کە گومان و پرسیاری لەسەر نەکرێت و بەدواداچوونی بۆ نەکرێ.میتۆدی گومان هەوڵ بۆ گەیشتن بەڕاستیەکان دەدات لەڕێگای گومان کردنی بێ سنورەوە. دواتریش وڵام دانەوەی ئەو گومانە لەڕێگای بەدواداچوون وتێفکرین و تێڕامانی قوڵەوە.بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی ئەقڵانیەتی دیکارت،دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر کەسێک لەبیر کردنەوەی دا هێڵی سوری هەبێت،یاخود مەسولیاتی هەبێت کە نەتوانێ گومانیان لەسەر بکات. بیرکردنەوە سنوردارەو مێشکێکی سنوردار هەرگیز ڕاستیەکانی لەلانییە وتەنانەت لە پرۆسەی گەڕان بەدوای ڕاستیەکان وە هەروەها ناتوانین باوڕ بە هەستەکان بکەین نامان گەێنێ بە دڵنیایی.دیکارت لە ڕێگای هۆش و هزرەوە بیرۆکەی خودو بیرۆکەی خودای دۆزییەوە

**لیستی سەرچاوەکان**


1. بیوهمە ، ئۆتە بیوهمە، (٢٠٠٣)، فەهەنگی سۆفیا، و.بەهرۆز حەسەن، چاپخانەی پەخشی سەردەم.
2. حسین، حسن حسین جەباری،(٢٠١٩-٢٠٢٠)، ئیپستمۆلۆجی (تیۆری زانین).
3. دیکارت ، رێنی دیکارت،(٢٠٢٠) ، تێرامان لە فەلسەفەی یەکەم، و.عومەر عەلی غەفوور، چاپخانەی تاران، سلێمانی
4. دیکارت ، رێنی دیکارت، (٢٠١٥)، بنەماکانی فەلسەفە، وشاهۆ عوسمان.
5. سالح،هاشم سالح، (٢٠٠٣)، فەلسەفە رۆشنگەری فیندەمێنتالیزم، و.شوان ئەحمەد، چاپخانەی پەخشی سەردەم،سلێمانی.
6. سیوەیلی ، ڕێبوار سیوەیلی،(٢٠٠٩)،دیکارت و عەقلانیەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر- هەولێر.
7. سدیق ، فوئاد سدیق، (٢٠١٥)، پێش فەلسەفە تامردنی نیچە، هەولێر.
8. ستراترن ، پۆل ستراترن،(٢٠٠١)، دیکارت، و.رەووف بێگەرد، چاپخانەی پەخشی سەردەم.
9. عەزیز، د.حەمید عەزیز، ٢٠١٦، تیۆری زانینی زانستیانە، چاپی یەکەم چاپخانەی، حەمدی.
10. عەزیز،د.حەمید عەزیز، (٢٠١١)، فەلسەفەی نوێ لە ئەورووپا، چاپخانەی رۆژهەلات-هەولێر.
11. عەزیز،د.حەمید عەزیز، (٢٠٠٩)، بنەرەتەکانی فەلسەفە، چاپی دووەم.
    عەزیز ، د.حەمید عەزیز، (٢٠١٦)، دیکارت سێ تێکستی فەلسەفە، هەولێر.
12. عەبدلفەتاح ، د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، (٢٠١٥)، دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا، و.هۆشمەن جەلال ، چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران.
13. عەباسی ، جەلیل عەباسی، (٢٠١٠)، کاروانی ئەندێشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆک)، هەولێر.
14. غالب ، د.مستەفا غالب، (٢٠١١)، دیکارت دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرن، و.کەمال عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج،، سلێمانی.
15. کۆمالێک نوسەر، (٢٠١٥) ، ئاشنابون بە دیکارت، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، هەولێر.
16. ماگی ، براین ماگی، (١٩٨٧)، فەیلەسوفە مەزنەکان،و.مەحمەد کەریم،چاپی دووەم،سلێمانی.
17. وحسینی،د.مەنوچێهر موحسنی، (٢٠٠٥)، کۆمەلناسی گشتی، و.موسلح ئیروانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەوەردە، هەولێر.
18. vegard martinsen, (٢٠٢٢)، فەلسەفە چیە؟، و.ئیبراهم سالح ڕاد(لاجانی)، چاپخانەی زانا (سلێمانی).